# كەركوك لە چاوى كاميرايەكى ڕاستگۆوە

عەلى مەحمود محەمەد

## داهاتى ئەم نەوتە بۆ كێيە ؟؟؟؟



هەرچەندە زۆرترين دروشمى پارتە سياسييەكانى كوردستان بەسەرو باڵ پێدا هەڵدانى شارى كەركوكە , كەركوك بۆتە ناوەندى تێكۆشانى بزوتنەوەى سياسى كوردستانى , سەربارى ئەوەى دەيان ڕێكخراوى جۆراوجۆر, كۆمەڵايەتى و ڕۆشنبيرى بۆ خزمەتى ئەم شارە دامەزراوە , لەم پەڕ بۆ ئەوپەڕى دنيا , بەڵام بە هەموويانەوە تا ئێستا نەيان توانيوە پەنجەرەيەكى شكاو بۆ پۆلێكى قوتابخانەكان چاك بكەنەوە يان گۆڕەپانێكى وەرزشى بۆ لاوان ڕێك خەن .

وام پێشبينى دەكرد هەر لەگەڵ ڕوخانى ڕژێمى بەعسدا هەرچى دۆلارى پاشەكەوت كراوى پارتە سياسييەكانى كوردستانە لە بۆرسەو بانكەكانى جيهان , خۆيان بكەنەوە بە كەركوكدا و بۆ خزمەتى ئاوارەكان بە كاربهێنرێن , ئاوارەكان 12 ساڵە باشترين دوكانى پەيداكردنى سواڵ بوونە بۆ دەسەڵاتدارانى كوردى . هەر نەبوايە ئەو سەرمايەيان لە كەركوكدا بە قازانجى خۆيان بخستايەتە سەرمايەگوزارييەوە چۆن جولەكەو عەرەبەكان لە سەر سەرمايەگوزارى لە شارى قودسدا ململانێيانە , بەڵام دڵ و قودسەكەى ئێمە دروشمى ئيستهلاكى بێ مايەيە . بەڵام لەبەر ئەوەى سەرمايەى كوردى بە دەست سياسييەكانييەوە بۆيە هەر بە زمان و ئەقڵى ئەوان مامەڵە دەكات .

كەركوك وەك مانگاى هەموو ئاينە ئاسمانى و زەوييەكان بۆ پارتەسياسييەكانى كوردستان موقەدەسە , تەقديس كردنى مانگا نە لە جوانيەكەيەوەيەتى وە نە ئاقڵيى و هێزەكەيەوەيەتى , بەڵكە لە خۆشى شيرى گوانەكەى و گۆشتى نەرمى گۆلك و پێستى گەرميەوەيەتى , خۆشەويستى كەركوكيش بۆ پارتەكان لە لولە نەوتەكەيەوەيەتى . ئەوە نييە لە سايەى نەوتى كەركوكەوە سەدان مليۆن دۆلارى نەوت بەرامبەر خۆراك لە هاندەران لە بۆرسەو بانكەكان خەوتووە, خەڵكى كەركوكيش لەسەر زێڕە دەژێن بەڵام سكييان برسييەو لە ئەورووپاوە لەنگەى پيرو نەخۆشەكان ئەو وڵاتانەيان وەك سەدەقەى كەنيسەكان بۆ دەچێتەوە .



هەموو ئەوانەی لە کەرکوکدا بینیم چاوەڕوان کراو بوو بۆم , چونکە 12 ساڵە ئەزموونی دەسەڵاتداری کوردیمان بە گەندەڵی و شەڕە ناوخۆییەکانەوە , سازش لەگەڵ داگیر کەرانییەوە تاقی کردۆتەوە , تەنها ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو بە لامەوە سیمای ئەم دوو قوتابخانەیە بوو , ناوەندی ئیمام قاسم و ئامادەیی کوردستان , با پێکەوە سەرێك بکەین بەناو ئەم دوو قوتابخانەیەیا ,کە کۆمەڵێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی کورد لە شاری کەرکووك لەسەر تەختە ڕەشەکانییانەوە فێری ئەلف و بێیەك بوون ئەمڕۆ نانەکەی دەخۆن .

## ئەم دوو قوتابخانەیەم چۆن بینی

لە ساڵی 1977 ەوە ئامادەیی ئیمام قاسمم بەجێ هێشت گواستمەوە بۆ قوتابخانەی دووەم , پاش ئەوەی 10 ساڵ لەسەر تەختەکانی دانیشتم و فێری خوێندن بوم لە مامۆستاکانییەوە , لە یادمە ساڵی 1968 پاش چەند دانە ڕۆژێك لە لێدانی نەوتەکەی کەرکوك و شەڕی ڕێدار بەهۆی باری سیاسی باوکمەوە لێمان توندکرا و گوندمان بەجێهێشت , لە خانویەکی کەرکووك خۆمان گرتەوە لە گەڕەکی بلاخ نزیك 10 ماڵی دیکەی تێدا دەژییان , یەکەم بەیانی دیسداشەیەکی بازەم بەسەر پانتۆڵیکدا لەبەر کرد , باوەڕ ناکەم تا ئەو دەقەیە ئەو قوتابخانەیە جل و بەرگی سەیری وای بە خۆوە بینیبێ , سەر موسی لێدرا بوو تەنها لە ناوچەوان و تەوقی سەر دوو تۆپەڵە قژ بە سەرمەوە بوو , هەر خۆم کرد بە قوتابخانەی ئەیبویەدا , لە مامۆستاوە بۆ دوا قوتابی هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین , ئەو ڕۆژە بومە مەزەی منالآنی کورد و تورکمان , خرامە نێوەندی منالانەوە بە دەورما ڕیزییان بەست و دەستیان کرد بە خول خواردنەوە , هەموشیان لەگەڵ هەر چەپڵەیەکدا شەپەلاغێکی مزرییان دەکوتا بە تەوقی سەرما , سەرم لە بەر ئێش بریسکەی دەدایەوە , ئێشێك توند بە تەوقی سەرما دەهاتە خوارێ بە نووکی پەنجەما دەرەچووە دەرێ , لە گەڵ هەر شەپەلاغێکدا مێشکم دەلەرایەوە , دەیان ووت کەچەڵە ها کەچەڵە هوو کەچەڵە ئاگری تێبەربوو . وانە بە عەرەبی و منی لادێی کە عەگالمە بینی ڕوحم دەچوو زریکەم دەکرد لە ترسان , مام خدر دەهاتە پێش چاووم کە حەرەس قەومییەکان بە بەرچاومەوە لە گوندەکەمان گولەیان نا بە ناو دەمییەوە زمانی

شۆڕ بووەوە خوێنی لێ دەباری , بە بینینی عەگال ئەو حەرەس قەومییەم دەهاتەوە بیر نەنکم بۆی دەگێڕامەوە تا دوا سابونی ماڵەکەمانی نەبرد نەڕۆیی , لەبەر لوسی پێی هەڵناگرترایەوە .

کەچی ئەمجارە ئەو خەڵکەم بە شێوەیەك بینییەوە لە ڕویی فەرهەنگییەوە گەلێك لە دوای ئەو لادێیانەوە بوون کەوتبوونە ئۆردوگاکان کوردستان , ئەو ڕۆژانەی گەمەیان بە منێکی لادێی شار نەدیتوو دەکرد لە کوێ و ئێستایان لە کوێ! ! ! .

ساڵی 1977 کە قوتابخانەی ئیمام قاسمم بەجێهێشت تا ئێستا تەنها وێران کراوە , دەڵێی پاشماوەی بومەلەرزەو جەنگی چەند ساڵەیە ,تەنها ناونیشانی قوتابخانەکە بە سەوزی نوێ کراوەتەوە , ئەویش لەبەر خاتر ڕەنگەکەی نەبوایە ناکرا, ئەم ڕەنگەش دەربڕی ئەوەیە بەڕێوە بەرایەتییەکەی بەر ینك کەوتووە , دەبوایە چۆن پەلاماری بەڕێوەبەری و وێنەی تابلۆی دەرەوەی دەدەن ئاواش پەلاماری زبڵدان و پەنجەرەکانی بدەن .

با بزانیی کامیرا چۆن وێنەی دەرەوەی ئەم قوتابخانەیەتان نیشانە دات , ئەگەر ئەمە سیمای دەرەوەی بێت , دەبێت لە ناوەوە چی بێت !.




ئەم قوتابخانەیەی بینیتان نە لە ئەفغانستانە و نە بومەلەرزەی تسۆنامی لێی داوە , بەڵکە لەو شارەیە لەسەر 1000000000 ملیار تەن نەوت خەوی لێکەوتووە و بنیاد نراوە . ئەمە ئەو قوتابخانەیەیە بەشی

زۆری  سیاسەتمەداران و بازرگانانی سیاسەتی ئەمڕۆی کەرکوك لێرەوە پەروەردە بوونە و فێری خوێنەواری بوونە . ئەگەر هەریەکەیان یەك لەسەر هەزاری دەسکەوتەکان خۆیان کە لە کەرکوك دەستیان دەکەوێت بۆ ئەم قوتابخانەیە تەرخان بکەن ئەوا بەم زبڵدانییە نامان بینییەوە . ئۆباڵی یەکەمی ئەم زبڵدانەش لە ئەستۆی ئەو پارتەیە بە پەلە تابلۆکەی بەردەمی بۆیە دەکات  و بەڕێوەبەری بۆ دادەنێت , بەڵام ناتوانێت زبڵدانەکەی بەردەمی پاك بکاتەوە ؟؟؟؟.

ئامادەیی کوردستان حاڵی لە حاڵی ناوەندی ئیمام قاسم زۆر باشتر نەبوو .

 بە لە سەرەتاوە سەیرێکی ئەو وێنانەی بکەین کە لە دەرەوە گیراون , هەرچەندە نەمان توانی فریای گرتنی وێنەکانی سەدام بکەوین لە ژورەوە هێشتا دەستییان لێنەدراوە بەقەد دیوارەکەیەوە ماوەتەوە  .




دوو ساڵە کێشەی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەسەر دانانی بەڕێوەبەرە بۆ ئەم قوتابخانەیە , پارساڵ ئەو کەعەکە شیرین و نەرمە بەر ینك کەوت , بەڵام پارتی بۆ ئەمساڵ ئەمەی پی ٚقووت نەدرا , کەچی نەیتوانی پارساڵ تەنانەت وێنەکەی سەدامیش لەسەر دیوارەکەی بسڕێتەوە , ئەوە لە چاککردنەوەی جامە شکاوەکانی ڕوو  لە دەرەوە گەڕێ , ئەبێ لە ناوەوە چی بێت ؟؟؟, ئپەنجەرە شکان گرنگ نییە چونکە  بەهۆی گڕی باوەگوڕگوڕەوە کەرکووك سەرما نایگرێتەوە, 100 مەتر بەولای ئامادەیی کوردستانەوە بازاڕی ناوەندی(سوق مرکزی) شارە, پارتێکی کوردی بۆ خۆی نوێی کردۆتەوە ( ڕەخنەم لەمە نییە, تەنها ئەوەندە دەڵێم دەبوایە چاوییان لە قوتابخانەکەی تەنیشتیشی بووایە ) , ئیتر نازانم بۆ نەتەوەیەك قوتابخانە گرنگترە یان سەرمایەگوزاری ؟؟؟ .

ئەم ساڵ کێشەی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان لەسەر دانانی بەڕێوەبەر بۆ ئەم قوتابخانەیە بە ئاستێك توند بووەوە لە ئاکامدا خەریك بوو بیگۆڕن بۆ پەیمانگای ئاینی , لە ئاکامدا پاش چەند مانگ لە ململانێ , بە کەرت کردنی قوتابخانەکە بۆ دوو بەش کۆتایی پێهات .

## زەڵکاوی چڵکاوی شەقامی دکتۆرەکان , مەڵبەندی نەخۆشی یان چارەسەر کردن !!.

ئەو وێنەیەی لە خوارەوە دەیبینن شەقامی دکتۆرەکانی شارە , نەخۆشەکانی شار لێرە قەول وایە چاك بنەوە, کەچی ساغ پێیدا تێپەڕێت نەخۆشە کەوێت . هەرچەندە شەقامی پزیشکان و جمهوری لە شەقامە خۆش و مۆدێرنەکانی ئەم شارەیە و ناوەندی بازرگانی شارە .




## قەڵا و پاراستنی کەلەپور

وا نزیك دوو ساڵە سەدام ڕوخاوە , زیاتر لە 700 ڕۆژ لەبەر دەم لایەنەکاندا بوو تا دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەم شارە دەربڕن و خزمەتی بکەن , بە ملیۆنان دۆلار تەرخانکراوە بۆ کڕینی ئینتمای سیاسی هاوڵاتییان , هەڵبژاردنیش ئەگەر بە یەك لیست نەبوایە ئەوا دەیان ملیۆن دۆلاری کە بۆ دەنگ کڕین خۆی دەکرد بە شاردا . کلتورێکییان لە کوردستانەوە بە دیاری بۆ ئەمشارە هێنا وای لێهاتووە باسی سیاسەت بکەیت لەگەڵ خەڵکەکەیدا , وەڵام خۆت یەکسەر وەرە گریتەوە بە دەستەواژەی چەندم دەدەیتێ , ئەمە ئاستی چاندنی گەنەڵیی سیاسییە لە کەرکووکدا .

لە کاتیکدا قەڵا مێژووی ئەم شارەیە , کوردیش هیچی بە دەستەوە نییە بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکووك جگە لە مێژوو نەبێت, کەچی ئەوەی گرنگی پێنادرێت لە کەرکوکدا مێژوی ئەم شارەیە کە

قەڵاکەیەتی . تا ئێستا 1 فلسی بۆ قەڵا تەرخان نەکراوە کەچی تەکییەی تاڵبانییەکان نویێ دەکرێتەوەو گەورە دەکرێتەوە .




## وێرانی لەهەموو شوێنێك

بەهەر گەڕەك و سەر شەقامێکدا دەڕۆیت زبڵدان و وێرانییە , هەست بە بوونی حکومەت ناکەیت لەم شارە . نە گسکی لێدراوە نە فلچەیەکی پێدا هاتووە جگە لە بارەگای پارتەکان , زەردایی بارەگاکانی پارتی و سەوزایی بارەگاکانی ینك کوردی کردووە بە دوو ڕەنگەوە .






کەچی لە بەرامبەردا بارەگاکانی پارتە تورکمانییەکان بەوانەشەوە ئیلهامی خەتی کارکردنییان لە هەولێرو سلێمانییەوە بۆ دێت سەرتاپا ڕەنگی شینییان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە . کە پێ دەنێیتە ناو گەڕەکە تورکمانییەکانەوە هەست بە یەك ڕەنگییان دەکەیت , دەڵێی هیچ ڕەنگ و ئایدۆلۆژییایەك تا ئێستا نەهاتۆتە ناو ئەم گەلەوە , تەنها دوو شت دەزانن ڕەنگی شین و پیاهەڵدان بەسەر تورکیاو سەرۆکی بەرەی تورکمانییا .

جەماوەری کوردیش لە ژێرەوە لە ژێر پەرچەمی کوردستاندا یەکگرتوون , ئەوانەی هێشتا دروشمە سیاسییەکان و بۆیەی حیزب هۆشی ڕەنگ ڕێژ نەکردووە .




## چیرۆکی ئەم وێنانە

لەوانەیە ئەگەر یەکێك ئەم شارەی نەبینیبێت تەنها بەم دوو وێنەیەی ڕۆژانە دەیبینینەوە , بیەوێت بچێت لە کەرکووکدا لە قەراغ ئەم ئاوە خوڕە هاوین بەسەر بەرێت , بەڵام ئەم وێنەیە پێش زیاتر لە 3 دەیە گیراوە , ئێستاش هیچ شوێنەوارێکی نەماوە , هەموو جیهان بە تێپەڕ بوونی کات پێش دەکەوێت , تەنها کەرکووك نەبێت پێچەوانەی یاسای ژیان و دیالیکتیکە .





شاری کەرکوک – ئاوی خاسە کە بە ژێر پردی تەبەقچلی تێدەپەڕێت

ئەم وێنەیەی خوارەوە لە دوری چەند مەتری هەمان شوێنەوە گیراوە , لەبەر هۆی ئەمنی نەمتوانی وێنەی هەمان شوێن بگرم .




# بازاڕ و برایەتی نەتەوەکان

کە سەر دەکەیتە بازاڕی گەورەی شارا , لە جووت قاوەوە بۆ ئەحمەد ئاغا , بازاڕێکە بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر , ئەوەی نایبینی لە نێوان هاوڵاتییان  قینی نەتەوایەتییە , کاسبکارانی هەموو نەتەوەکان بە هەموو زمانەکان وەڵامی کڕیارەکانییان دەدەنەوە .

ئەو قینەی سیاسییە توندڕەوە نەتەوەییەکان دەیچێنن , بگاتە ئەو بازاڕە تەرم سەر خوێنە کەوێت .






ئەچیتە هەر شوێنێك چڵكاوو زبڵدان ڕێت پێ دەگرێت , وێنەی ناو كۆڵانەكان لەمانەی من نیشانی دەدەم ترسناكترە . ئەم وێنەیەی خوارەوە لە دووری چەند مەتر لە وێنەكان سەرەوە گیراوە , بەردەم بانكی ڕافدەین .




## خوێندنەوەی كوردی

جاران كەركووك بە پەرتوكخانەكانی دەناسرایەوە , كتێبخانەكانی ئاسۆو شەعب بە هەموو تواناوانەوە بەربەرەكانی تەعریب و تەبعیسیان دەكرد , لاوان لەم سەر بۆ ئەو سەری شار ئێواران خۆیان دەگەیاندێ . كەركووك سەرباری ئەو هەموو پاڵەپەستۆ سیاسی – فەرهەنگییەی سەری , بەڵام لە ڕابردوو توانی ژمارەیەك زۆر قەڵەمی ناسراو پێشكەش بە ڕۆشنبیری كوردی بكات , بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینی زۆر ترسناكە , لە لایەكەوە كتێبخانەی كوردی زۆر زۆر كەمە , لە لایەكی كەوە خوێنەواری كوردی دگمەنە , خوێندنەوەی لاوان بە عەرەبییە , ئەو گوڕو تینەی لە دوای ساڵی 1970 هەبوو بۆ خوێندن (قوتابخانە) و خوێندنەوەی كوردی ئێستا هەستی پێ ناكرێت , بگرە زۆر لاوازە . ئەمەش دیسان ئەمان هێنێتەوە سەر ڕەخنە ڕەخنەگرتن جارێكی كە لە دەسەڵاتدارانی كوردستان .

## ئاوارەكان و هاوكارییان

ئاوارەكانی كەركووك ژمارەیەكی زۆرییان گەڕاونەتەوە , بەڵام تا ئێستا بەهۆی هاوكاری نەكردنییان لە ژیانێكی زۆر ناخۆشدا دەژێن , نەبوونی كار , خانوو , باری تەندروستی خراپ , قوتابخانەی كوردی .
لە ڕاگەیاندنەكانەوە باس لە هاوكاری ئاوارەكان دەكرێت , بەڵام لە پراتیكدا دەست بە تاڵ دەرچوونە , تەنها كەمایەتییەكی بچوكی حیزبی نەبێت .






ئەوانەشی خانوو تەجاوزییان دروست کردووە , هیچ خزمەت گوزاریەکییان بۆ ئەنجام نەدراوە , دار تەلی کارەبا , بۆڕی ئاو هەموو خەڵکەکە خۆیان بۆ خۆیانی دابینە کەن , ئەو خەڵکە هەست بە بوونی دەزگایەك ناکات پشتگیرییان لێبکات .

کورد لە ڕابردودا ئەزمونی ڕوخاندنی هەزاران خانووی لەم چەشنەی لە ساڵی 1963دا هەیە , بۆیە ئێستا پێویستە کار بکرێت بۆ بە فەرمی کردنی ئەم خانوانەو پاراستنی لەبەرامبەر هەر مەترسییەك بۆ سەریان .

ئەو خانوانە ئارمی تەحەدای کوردە لە بەرامبەر چەند دەیە لە دەرکردن و گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی شار .